# ئەنجومەنی شارەوانی مەندەلی و بڕیارێکی مێژووی

لە ڕۆژی2006/8/29و لە کۆبوونەوەی ژمارە(36)یاندا ئەنجومەنی شارەوانی ناحییەی مەندەلی بڕیاریدا داوای لابردنی زوڵماکاری سەددامی لەسەر شارەکەیان لابیرێت و بۆ سەر هەرێمی کوردستان بگەڕێتەوە. ئەم بڕیارە لە ڕۆژی2006/9/5بە شێوەیەکی فەرمی و بە ئیمزای بەڕێز ئازاد حەمید(سەرۆکی ئەنجومەن)بلاوکراوەتە. هەروا ئەنجومەنی ناوبراو لە نووسینەکەیاندا داوادەکەن ئەم کێشەیە بخرێتە بەردەم پەرلەمانی عیراق بۆ ئەوەی لەم یاسای پێویست دەربکەن.

شایانی باسە ئەم بڕیارە مێژووییە پاش دەستپێشخەرییەکەی ئەنجومەنی شارەوانی خانەقی هێژا درا و(مەندەلی)یش دەنگی ڕەوای خۆیی بەرزکردەوە.

بەناوی حزبی شیوعی کوردستانەوە پیرۆزبایی دەکەین لە ئەنجومەنی شارەوانی و جەماوەری مەندەلی بۆ ئەم بڕیارە و بە هەموو شێوەیەك پشتیوانی خۆمان بۆ ئەو بڕیارە رادەگەیەنین.

2006/9/6

جەوهەر شوکور

بەرپرسی مەحەلی حزبی شیوعی کوردستان لە خانەقی

ژمارەی پەیوەندیکردن: 07701310384

– بۆ هەموو کەناڵەکانی راگەیاندن